سەرۆک کۆمار مەرسوومی تایبەت بە دامەزراندنیان ڕادەستی پارێزگارانی بەغدا و واست دەکات



سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ سێشەممە ٢٩ی تەممووزی ٢٠٢٥ لە کۆشکی بەغدا، پێشوازیکرد لە بەڕێزان، عەتوان حەسەن سامر ئەلعەتوانی، پارێزگاری بەغدا و هادی مجید گزار پارێزگاری واست .

سەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵیاندراوەکدا کەدەستی موتەبع کووتووە،بەاویکردنەوە لە دیدارەکدا مەرسوومی کۆماری تایبەت بە دامەزراندنی پارێزگارانی بەغدا و واست ڕادەستی پارێزگارە نوێیەکان کرا و دەخێ ئەمنی و ئابووری و خزمەتگوزاری لە هەردوو پارێزگاکە تاوتوێ کرا.

وتیشی سەرۆک کۆمار جەختی لەسەر پێویستی تەکمیلکردنەوەی هەوڵەکان کردەوە بە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتیان و نەڕێنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری و چێسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری.

هەروەها سەرۆکیشی خێی بە قوربانیانی کارەساتی ئاگرکووتنەوەکەی بازاڕی هایپەرمارکێتەکەی واست دووپات کردەوە و هیوای سەرکەوتنی بە هەردوو پارێزگار خواست لە خزمەتکردنی عێراق و گەلەکەیدا.

لەلایەن خەیانەوە، هەردوو پارێزگار پلانەکانی داهاتوویان و ئەو بەرنامانەی کە بۆ پێشخستنی کەرتی خزمەتگوزاری و تەواوکردنی پڕۆژەکان و بەردەوامیدان بە پڕۆسەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە لە بەغدا و واست ئامادەیان کردووە پێشکەش بە سەرۆک کەمار کرد.

هەروەها سوپاسی خەیان بۆ گرنگیپێدانی سەرۆک کەمار و پڕۆشی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانەکی شایستە بۆ هەموو عەراقییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا دەربڕی.

دیدارەکە بۆ ئامادەبوونی عەمار ئەلحەمدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا، بەڕێوەچوو.